گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(١)بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەنگدانەوەی سیاسەتی حکومەتی عێراق لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا( 1968-1979)

**پ.د ئازاد عوبێد سالح**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
azad.salih3@su.edu.krd
**م.ئارەزوو یوسف حسن**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
arazu.hasn@su.edu.krd

**زانیاریەکانی‌توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٢/١٢/١٩
**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/٢/٢٠
**بلاوکردنەوە:**بەهاری٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان.**
*policy, Nationalism, Displacement, Kurdish Press.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.14

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێرناونیشـانی ڕەنگدانەوەی سـیاسـەتی حکومەت لە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا لە ماوەی سـاڵانی ١٩٦٨-١٩٧٩، توێژینەوەیەکی مێژووییە، مەبەست لەم توێژینەوەیە خسـتنە ڕووی زانیـاری و داتـاو لێکـدانەوەکـانی ڕۆژنـامەگەریی کـوردییە، لەمەڕ سـیـاسـەتی حـکومەت لە بەرانـبەرنـاوچە کوردنشـینەکانی عێراق، ئاماژەدان ڕۆڵی ڕۆژنـامەگەریی نهێنی کوردیی وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و بایەخدار سەبارەت بە بزاڤی رزگاریخوازی کوردی بەگشـتی و سـیاسـەتی حکومەت بەتایبەت. توێژینەوەکە دابەشـکراوەتە سـەر چەنـد تەوەرێـک، لەتەوەری یەکەمدا تیشـکخراوەتە سـەر سـیاسـیەتی حکومەتی عێراق لە نـاوچەکە کوردنشـینەکان، بەتـایبەت مەسـەلەی ڕاگواسـتن و بۆردومان کردنی ناوچە کوردنشـینەکان ،گرتن و سـێدارەدان. لە تەوەرەی دووەمدا باس سـیاسـەتی حکومەت بەرانبەر بە کوردە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەیلیەکـان کراوە، لەتەوەری کۆتـایی ئـامـاژە بە ئـاکـامەکـانی سیاسـەتی حکومەتی بەعس لەسـەر کەرتی پەروەردە و فێرکردن بەتایبەت لە قۆناغی ١٩٦٨-١٩٧٩کراوە.
کلیلی ووشـــەکـان: ســـیـاســـەت، نەتەوایەتی، ڕاگواســـتـن، ڕۆژنامەگەریی.

## پێشەکی:

ڕۆژنامەگەریی کوردی وەک سەرچاوەیەک گرنگی زۆری هەیە بۆ نووسینەوەی مێژوو بەگشتی، بزاڤی رزگاریخوازی کوردی بەتایبەتی لەم ڕوانگەوەش ڕۆژنامەگەریی نهێنی بایەخی دیاری هەیە لە دەرخستن و لێکدانەوە باسکردنی ڕووداوە مێژووییەکان، هەر لەبەر ئەوەی ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٨-١٩٧٩) کە بەقۆناغێکی پر لەگۆرانکاری لە ڕووداوە ســیاســی و ڕامیاری بووە، کە کاریگەریی ڕاستەخۆی بەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی دا هێناوە.

ئەم توێژینەوەیە زیاتر تیشـک دەخاتە سـەر سـیاسـەتی حکومەت و ئاکامەکانی ئەو سـیاسـەتە بەسەر ناوچە کوردییەکان و ڕەوشی شۆڕشی کوردی لە باشووری کوردستان.

لە نووسـینی تویژینەوەکەماندا پشـت بەسـتراوە بە ڕێبازی لێکدانەوەی مێژووی و بەراوردکردنی دیدگای ڕۆژنامەوانی کوردی نهێنی و ئاشکرا بۆ سیاسـەتی حکومەت، ئاکامەکانی ئەو سـیاسـەتی حکومەت بەهۆی هەر لایەنێک بە گۆشــە نیگـای خۆیەوە تێروانین و لێکـدانەوی جیـاوازی بۆ بابەتەکان کردووە،بۆیە پێویسـتەی بەخاڵی بەراودکردن و لێکدانەوەی ڕەوش واقعی ناوچەکە هەیە لە باسکردنی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی وردتر و واقیعی تر.

توێژینەوەکە بەشـێوەی گشـتی پێکهاتووە لە پێشـەکی و سـێ تەوەر و ئەنجام، لە هەریەک لەم تەوەرانە باس لەلایەنیکی دیاریکراوی سیاسـەتی حکومەت کراوە، لەسـەرەتادا باس لە سـیاسـیەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(١)بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حکومەتی بەعس کراوە لە ناوچەکە کوردنشینەکان، بەتایبەت مەسەلەی ڕاگواستن و بۆردومان کردنی ناوچە کوردنشینەکان هۆکارو بیانۆکانی حکومەت بۆ پەردە پۆشکردنی ئەو سیاسەتەش خراوەتە ڕوو، لەگەڵ ئاماژەدان بەهەڵوێستی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە بەرانبەر ئەو سیاسەتە، هەوڵەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی بۆ نیشاندانی ئەم لایەنە. لایەنێکی دیکەی باسەکە، خستنە ڕووی سیاسەتی حکومەت لە گرتن و لە سێدارەدان لە تەوەرەی دووەمدا باس سیاسەتی حکومەت بەرانبەر کوردە فەیلییەکان کراوە، لەبێ بەشکردن کوردانی فەیلی لەمافەکانیان و دوورخستنەوە ڕاگواستنیان بۆ ناوچە جیاوازەکان، لەتەوەری کۆتایی تیشکخراوە سەرئاکامەکانی سیاسەتی بەعس لەسەر کەرتی پەروەردە و فێرکردن بەتایبەت لە قۆناغی ١٩٦٨-١٩٧٩.

ئەو بەربەست و گرفتانەی هاتوونەتە بەردەم توێژینەوەکە، وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە کەم نەبووە، بەتایبەت ماوەی توێژینەوەکە بەهۆی ئەوەی قۆناغێکی پڕ لەگۆڕانکاری بووە،کاریگەریی کردووەتە سەر ئەرشیف کردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ئەستەمی دەست کەوتنی ڕۆژنامەکان و خراپی و دڕان و لە ناوچوونی بەشێک لەلاپەڕەی ڕۆژنامەکان دیویەکی دیکەی ئەو گرفتانە بووە.

لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی پشتیان پێ بەستراوە لەنووسینی توێژینەوەکە، بۆ ئەوەی توێژینەوەکە ڕەنگدانەوەی ناونیشان بێت بەپلەی یەکەم پشت بەستراوە بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٩ بەتایبەت ڕۆژنامەوانی نهێنی لەدیارترینیان (گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، دەنگوباسی کوردستان)و ( هەریەک لە ڕۆژنامەی خەبات، ڕێگای کوردستان ) ڕۆژنامەگەریی کوردی مۆڵەت دراو لەوانە ( برایەتی و التاخی)، ڕۆژنامەی هاوکاریی وەک ڕۆژنامەی فەرمی لەم ماوەیەدا ، بەهەمان شێوەش بلاوکراوەکانی حیزبی لەوانە(**لتهجير سلاح بيدالنظام العراقى لمحاربه الثوره الكرديه من منشورات الحزب الديموقراطى الكردستان – العراق المكتب السياسى – قسم التنظيم**، لكي يصان السلام وتتعزز الوحدةالوطنيةمنشورات الثورة،ط ١، بغداد ،أذار ١٩٧٣)، چەندین سەرچاوە و ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە.

## ١-سیاسەتی حکومەتی عیراق لە ناوچەکە کوردنشینەکان :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(١)بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سـیاسـەتی حکومەت لە بە بەعس کردنی ناوچە کوردییەکان، بووەتە تەوەری ناڕەزایی رۆژنامەگەریی کوردی، بە تایبەت ڕووداوەکانی سەروبەندی گفتوگۆی نێوان حکومەت ولایەنی کورد، ئەممەش نیگەرانی لایەنی کوردی لەم سیاسەتەزیاتر کردووە، لەبەرئەوەی لایەنی کوردی بەئومێدبووکە حکومەت هەرچی زووەدەست لەم سیاسەتەناڕەوای یەهەڵبگرێت،بەڵام ڕەوش و ڕووداوەکانی ناوچەکە بەپێچەوانەی ویست و تێروانێنەکانی لایەنی کوردی رۆیشتووە، سەرباری ئەمانەش بیانووهێنانەوەی حکومەت بۆسیاسەت و ڕووداوەکان وایکردووە، کاردانەوەی رۆژنامەگەریی کوردی بەشێوەی زەقتردەر**بکەوێت. هەر ئەمەش** وایکردووە لە رۆژنامەگەریی کوردی بەڵگەو لێدوانەکانی دژ بە حکومەت زیاتر بخرێتە بەر دیدی رۆژنامەگەرییەوە.

بەڵگەی ئەمە لەبارەی سیاسەتی حکومەتی بەعس، (دەنگی پێشمەرگە)[1]. ئاماژە بە ئاشکرابوونی نامەیەکی نهێنی لەلایەن یەکێک لە سەرکردەکانی سوپای حکومەتی عێراق دەکات، بۆ کاربەدەستانی ناوچەکانی سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، موسڵ و بەشی کوردنشینی لیوای دیالە ڕەوانەکراوە، بەمەبەستی ئامادەکردنی لیستی ناوی خێزان و خزم و کەسە نزیکەکانی پێشمەرگە، بە تایبەت ئەوانەی لە ڕیزی شۆڕشی کوردستان بوونە بۆ دەستگرتن بەسەریان و ڕاگواستنیان بۆ ناوچە دوورەکان(دەنگی پێشمەرگە، ژ(١٧)، کانوونی دووەم ١٩٦٩،ل٨).

ئەمە بەسەرەتایی نیگەرانی و دلەراوکی دادەندرێت لە بارەی چارەنووسی ناوچە کوردنشینەکان و هەنگاوەکانی حکومەت لەم لایەنەوە، هەر ئەمەش وایکردووە لە ڕوانگەی رۆژنامەگەرییەوە بەدواداچوون و خستنەڕووی زیاتر بۆ ئەم لایەنەوە بکرێت.

### ١-١- ڕاگواستن و بۆردمانکردنی ناوچەکان :

هەردوو شێوازەکەی حکومەت لە ڕاگواستنی دانیشتوان و بۆردوومان کردن کاریگەریی ڕاستەخۆیان هەبووە لەسەر رۆژنامەگەریی کوردی، لەم دوو سیاسەت کاریگەرانە بووە هەمیشە بونەتە تەوەری باسکردنی رۆژنامەگەریی کوردی، لەهەمان کات بۆ خستنە ڕوو نیشاندانی مەترسیەکانی ئەو سیاسەتە وەک سەکۆیەک بوونە، بۆ نموونە سەرەڕای بانگەشەی حکومەت بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی دۆزی کورد کەچی لەسەر وێرانکردن ناوچە کوردنشینەکان هەربەردەوام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(١)بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە. لە وانە بۆردومانەکانی گوندی گەلەخانی لە هەڵەبجە لە ( ١٧ی مایسی ١٩٦٩)، دێی عەبابیلێ و جەلیلە لە (٢١ی مایسی هەمان ساڵ)، بۆردوومانی گوندەکانی سنووری دەشتی هەولێر لە (٦ی حوزیرانی ١٩٦٩)، کە بووەتە هۆی وێرانبوونی دەیان خانووی جووتیار و سوتاندنی چەندین زەوی کشتوکاڵی، لە (٢ی مایسی ١٩٦٩) حکومەت بۆردوومانی ناوچەکانی پشدەر و گردە سیپان، باولیان سەید ئەحمەدان و داودیە دەکات(دەنگی پێشمەرگە، ژ(٢١)حوزەیرانی١٩٦٩، ل١٤). لە ٢٦ی نیسانی هەمان ساڵ دوو فرۆکە بارەگای هێزی ئاکرێ و شێخان بۆ ماوەی کاتژمێرێک بۆردوومان دەکەن، هەرچەندە لەم رووداوە باس لە کوژرانی هیچ کەسیک نەکراوە. بەڵام ژمارەیەک هاووڵاتی بریندار بوونە زیاتر ئافرەت و منداڵ بووە(دەنگی پێشمەرگە، ژ(٢٠)مایسی١٩٦٩، ل١٤).

لە پاڵ ئەو ناوچانە لە رۆژنامەی (خەبات)، باس لە ناوچەی (صوریا)کراوە، هەر چەندە زۆرینەی دانیشتوانەکەی مەسیحی بوونە، نزیکەی (٢٠) ماڵێک بوونە، لەلایەن سوپای حکومەتەوە هێرشی کراوەتە سەر، ئەو ناوچەیە دەکەوێتە نزیک گوندی فلوجە و چەند کیلۆمەترێک لە گوند فیشخابوور دووره(خەبات، (٥١٥)، تشرین الثانی ١٩٦٩،ص٨). ئەمەش ئەوە دەردەخات رۆژنامەگەریی کوردی ڕەنگە لە گۆشەی هەستی بەرپرسیاریەتیەوە بایەخی بە مەسەلەکە دابێت، هەروەها ئەوە دەسەلمێنێت کە حکومەتی عێراق لە بۆردومانکردنی ناوچەکان ڕەچاوی کەمایەتیە ئاینیەکانی نەکردووە.

لەلایەکی دیکەوەشەوە حکومەت کەوتووەتە پەلاماردان و وێرانکردنی گوندەکان، لە (٨ی ئابی ١٩٦٩)حکومەت پەلاماری گوندێکی بچووکی کوردی داوە، بەناوی (داکا) کە نزیکەی (٢٠-٣٠) ماڵ بوونە، لەسەر ڕووباری خازر ، دەکەوێتە سەر زێی گەورە لە هەڵمەتەکەدا (٦٧) کەس کوژراون، زۆرینەی کوژراوەکان ئافرەت و منداڵ و پیر بوونە (خەبات،العدد (٥١٥)، تشرين الثانی ١٩٦٩،ص٨؛ رسول، ٢٠٠١، ل٣٤٧).

بەم هۆیەوە حیزبی شیوعی لە پاڵ لایەنی کوردییەوە ڕەخنەی لە سیاسەتی حکومەت گرتووە، کە نموونەی وتارەکەی حزبی شیوعی لە لە(دەنگی پێشمەرگە)لە بارەی چارەسەری دۆزی کورد لە(١٤ئابی 1969) بڵاو کراوەتەوە، کە لە ژێر دروشمی (ئەی کاربەدەستانی بەغدا ئەم شەڕی قەڵا چۆیە بوەستێنن) ئاڕاستەی گەلی عێراق و هەموو هێزەنیشتمان پەروەرەکانی عێراق بە کورد و

عەرەبەوە کردووە، تا لەم ڕێگایەوەهەولی چارەسەری ڕاستەقینەی دۆزی کوردبدرێت، دوور لە پروپاگەندەی دامودەزگاکانی حکومەت لە تەفرەدانی کوردبە چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە(دەنگی پیشمەرگە، ژ(23)، ئەیلوولی 1969،ل ٣).

(ڕێگای کوردستان)[2]، ڕەخنەی لە سیاسەتی نوێی حکومەت گرتووە، لە بارەی چارەسەری ئاشتییانە، ئاماژە بەوە دەکات کە **(ئەم فەرمان ڕەوایانەی ئێستا دوای کودەتای ١٧ تەمووز بەڵێنێکی زۆریان داو، زۆریان قسەکرد دەربارەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی سەروو، پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی عێراق. بەڵام شانبەشانی ئەم قسانە تا ئیستە هیچ ئالوگوڕیکی ڕاستەقینە رووی نەدا، لەبارەی گیروگرفتی کورد، سیاسەتی رسمی ئەمرۆش وەک سیاسەتی دوێنی یە)** (ڕێگای کوردستان، ژ(٤)سەرەتای تشرینی یەکەم ،١٩٦٨،ل٢). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بارودۆخی کورد سەرباری بانگەشەی حکومەت هەر بە ئالۆزی ماوەتەوە.

بەهۆی سووربوونی هەندێ لە دەزگاکانی میری لەسەر سیاسەتی پێشووی خۆیان ڕەوشی سیاسی ناوچەکە زیاتر بەرەو ئالۆزی ڕۆیشتووە، لەوانە کاربەدەستانی حکومەت لە کەرکووک لە (٧ی ئاداری ١٩٧٣)، دانیشتوانی گوندی قازانبلاخیان لە ناحیەی قەرەحەسەن ئاگادارکردووەتەوە بەمەبەستی چۆلکردنی ناوچەکە، بە بیانووی ئەوەی ناوچەی قەدەغەکراوە، لە ٢٣ی هەمان مانگ ئامیر لیوای (٢٣) و فرقەی چوار و هێزەکانی سوپای عێراق هێرشیان کردووەتەوە سەرگوندی (شیف شیرین) کە دە کیلۆمەتر لە شێخانەوە دوورە، لە ژێرناوی پێویستی ناوچەکە بۆ سوپا دەستیان کردووە بەتێکدانی خانوو و باخ و پەرژینی ناوچەکە(دەنگوباسی کوردستان ، ژ (١٣)، ناوەراستی نیسان ، ١٩٧٣،ل٨) .

بە هەمان شێوە جارێکی دیکە حکومەت بە بیانووی پێوویستی سوپا، بڕیاری چۆڵکردنی گوندەکانی باکووری کەرکووکی داوە لەوانە سێکانیان، دارەمانن، سەقزلی، حەساری بچووکی داوە. (دەنگوباسی کوردستان، ژ(١٤)، مایسی ١٩٧٣، ل٢). لە (٢٤ی مایسی ١٩٧٣)، ئەم سیاسەتەی حکومەت گوندی ئەشکەفتان لە ناوچەی شەنگاریشی گرتووەتەوە، وەک ناوچەکانی دیکە دەستکراوە بە ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی (دەنگوباسی کوردستان، ژ(١٥)، حوزەیرانی ١٩٧٣، ل٣).

هەروەک باسکراوە سەرباری ئەوەی گفتوگۆ درێژەی هەبوو لە نێوان (پ.د.ک) و حیزبی بەعس، ماوەی نێوان ساڵانی( ١٩٧٠-١٩٧٤) سەردەمی ئاشتی بووە، بەڵام حکومەت ئامادەسازی کردووە بۆ ڕاگواستنی کوردەکان لە شنگال، کەرکووک، خانەقین لە پێناوی گۆرینی دیمۆگرافیای ناوچەکە(التهجیر سلاح بید النظام العراقی، ص٦)، بەتایبەت مەسەلەی ڕووداوی ناوچەی شەنگال کە بووەتە هۆکاری ئاڵوزکردنی باری ناوەخۆ، یەکێک لەم ڕووداوانەش هێرشی (٢٦ی شوباتی ١٩٧٣) بووە(دەنگوباسی کوردستان[3] ، ژ(١٣) ناوەڕاستی نیسانی ١٩٧٣، ل٧). ئەمەش دوای ئەوەی بووە، کە هێزەکانی حکومەتی عێراق ناوچەی شەنگالیان ئابلۆقە داوە، بەمەبەستی پشکنینی چەند گەرەکێک کە ئەندامانی (پ.د.ک) لێ بووە، لەکاتی پشکنین بەشێوەیەکی دوور لە ئاکار و مروڤایەتی کەوتوونەتە لێدان و سووکایەتیکردن بەدانیشتوانی گەڕەکەکان، دوا بەدوای ئەم ڕووداوە لە (١٢ ئاداری ١٩٧٣) هێزەکانی سوپای عێراق پەلاماری بارەگای لێژنەی ناوچەی (پ.د.ک)یان لەچیای شەنگال داوە، لە ئەنجامی بەرگریکردن پێکدادان لە نێوانیان دروست بووە، هەندێ لە دانیشتوانی ناوچەکەش بەهۆی سیاسەتی حکومەتەوە ناچاربوونە ناوچەکە جێ بهێلن (دەنگوباس، ژ(١) ناوەڕاستی نیسانی ١٩٧٣، ل٧).

جێگای باسە لە زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستان بەهۆی ئەم سیاسەتەی حکومەتی عێراق بە شێوازی جیاواز دەنگی نارەزاییان دەربریوە لەوانەش لەشاری سلێمانی مانگرتنی ئاشتی یانەبەرێوە چووە، لقی چواری(پ.د.ک)بەم بۆنەوەبەیاننامەکی لەبارەی ئەوڕووداوە بڵاوکردووەتەوە، لە هەمان کاتدا لە گەڕەکی شۆریجە، ئیمام قاسم، رەحیم ئاوا، ئازادی، ئیسکان، بەرتەکیە لە کەرکووک ناڕەزاییان لە دژی ئەوهەنگاوەی حکومەت دەربڕیووە، لە ناوچەی شەنگاڵ لەشەقامەکان دروشمی ناڕەزاییان دەربڕیووە، لە دهۆك و چەمچەماڵ و هەولێر بەم هۆیەوە لە (٥)ی بەیانی تاوەکو سەعات (5)ی ئێوارەمانگرتن بەردەوام بووە، ڕێکخراو و بارەگاکانی (پ.د.ك) و رۆژنامەی"برایەتی و "التاخی"، لە بەغداد وەك نارەزایی دەربرین بارەگایان داخستووە (برایەتی،ژ(66)، 1973/8/33،ل1).

ئەمەش لە کاتێکە حکومەت خەریك بووە سیاسەتی بەعەرەب کردنی ناوچەکانی شەنگال، کەرکووك و خانەقین پەردەپۆش بکات، رۆژنامەی (الثورە)[4]، لەلێدوانێکیدا بیانووی ئەوەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێناوەتەوە، کە لەم ڕووداوانەی دوایەی حکومەت تەنیامەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی دەستەیەك لە چەکدارانی ناوچەکە بووە، کە خەریکی نانەوەی ئاژاوەبوونە، هەرچەندە (پ.د.ك) لە کاتی گفتوگۆکردن سەرنجی حکومەتی بۆئەم مەسەلەیەڕاکێشاوە و پێی ڕاگەیاندوون کە دەربەدەرکردنی جووتیارە کوردەکان ودابەشکردنی چەك و چەبەخانەبەسەر هەندێ دەرەبەگ ئەنجامێ کی باشی نابێت، بەڵام داواکردنەکەی بەهەند وەرنەگیراوە، حکومەت لەسەرسیاسەتی خۆی بەردەوام بووە، هەر بەهەمان هۆکار لە (21ی ئابی 1973) مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك) بروسکەیەکی سەبارەت بەڕووداوەکەی شەنگال ئاراستەی لێژنەی ئاشتی وئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش ولێژنەی کاروباری سەرووبەرگری وناوەخۆ کردووە، ڕایگەیاندووە کە دوو ڕۆژە هێزەکانی سوپابەتۆپ وهێزی ئاسمانی بەردەوامن لە هێرشکردنە سەرناوچەکە، بەوهۆیەوە ژمارەیەك لە ژن ومندال بریندارو‌کوژراون، ناڕەزایی دەربڕیووەکە بەمەبەست لەم هێرشکردنە لەناوبردنی کوردە، داوایکردووە، کە هەرچی زووە لە پێناوی ئاسایشی ناوچەکەئەم هێرشەڕابگرن، ڕێگانەدرێت مەسەلەکە لەمە زیاتر تەشەنەبسەنێت. سەرباری ئەمانەش (بارزانی) خۆی لەگەڵ کاربەدەستانی کورد لە بەغداد کەوتووەتە وتوێژکردن بۆ ئەوەی هەرچی زووە لەگەڵ کار بەدەستانی حکومەت هەوڵی وەستاندنی ئەم کردەوانە بدەن، بەڵام لە ئەنجامی هەوڵەکانی لایەنی کوردی وەڵامی حکومەت بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکرابوو، کە گوایە ئامانجی حکومەت کوردەکان نەبووە، تەنیا بەهۆی ئەوەی چەند عەشیرەتێك لە ناوچەکە بەکژیەکدا چوون و سوپا ناوبژیوانی کردوون، ئەمەش بە پاڕاستنی ئاسایشی ناوچەکەی لێکداوەتەوە، لەکاردانەوەی ئەمڕووداوە لایەنی کوردی بۆهەڵوێست گرتن لەبەرانبەر سیاسەتی حکومەت پەنایان بردووەتە، بەرمانگرتنی ئاشتی یانەی گشتی لەسەرتاسەری کوردستان لەرۆژی(25ی ئاب 1973) هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکردووە(برایەتی،ژ(66)، 1973/8/33،ل1).

سەرباری ئەمانەش ژمارەی ئەو دێهاتانەی بەفرۆکەکانی حکومەت تۆپ بارانکراون لە (٩ی ئادار - ناوەراستی نیسانی ١٩٧٤)، (٢٨)گوند بوونە، کە زۆربەیان لە سنووری پارێزگای سلێمانی بوونە (١٧) دێش لەم ماوە لە سنووری ئەم پارێزگایە بۆردومان کراوە، لە کەرکووک (٤)، موسڵ (٣)، لە هەولێر(١)، لە دهۆک (٤) بووە، ئەم سیاسەتی بۆردوومانکردنەی دێهاتەکان لەلایەن حکومەتەوە تا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(١)بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاتووە ڕووی لە زیادبوون کردووە، تاوەکو کۆتای نیســانی هەمان ســاڵ ژمارەی ئەم دیهاتنەی بەدەزســت حکومەت وێرانکراون گەیشــتووەتە(٧٨) دێهات(کادر[5]، ژ(٢٣)، ئابی ١٩٧٤،ل ٦٠-٦١). هەروەها بۆ ڕدوومانکردنی قەڵادزێ بووە بە فرۆکە لە (٢٤ی نیســانی ١٩٧٤)، بووەتە هۆی کوژرانی (١٣٤) کەس کە زۆرینەیـان منـداڵ و ئـافرەت بوونە، بە هەمـان شـێوە فرۆکەکـانی حکومەت بۆردوومانی ناوچەکانی هەڵەبجە و گڵالەیان کرووە (خەبات،(٥٣٥)،اواســط ایار،١٩٧٧،ص١). هەرلەم ماوەیەدا بۆردوومانی ناوچەی کفری و دەوروبەری کراوە و بەو هۆیەشــەوە (٩)کەس کوژراوە، لە ٧ی مایســی ١٩٧٤ چیای ئەلقوش و کەنیســەی ناوچەکە لە پارێزگای موســڵ بۆردومان کراوە(کادر، ژ(٢٣)، ئابی ١٩٧٤،ل ٦٠-٦١). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت بۆردومان کردنی ناوچەکان لەلایەن حکومەت بەردەوامی هەبووە، زۆربەی ناوچە دوورەکانی گرتووەتەوە.

لە (١٦ی ئاب ١٩٧٦) ئاماژە بە وێرانکردنی چەندین گوندکراوە، لەوانە لە قەزای زاخۆ (٣٧) گوند بوونە، لەوانەش لە ناحیەی باتوفە، گوندەکانی تزور و بەکەماله، ســولی، روســی، ســلون، شــیلان، سـوریا، بانگ علیا، بانک شیخ، بەربلا، گوندەکانی ناحیەی شرانش و شەش گوندی دیکە بەناوەکانی کەبســتە، هەرور، اورە، بیـدو، بەرمیر، ســەرزیر لە قەزای ئاکرێش وێرانکراوە (خەبات، (٥٢٨)، ٢٠ ئەیلوول ١٩٧٦،ل١).

لەبارەی ســیاســەتی حکومەت و بەزۆر ڕاگواســتنی کوردەکان و شــۆڕشــی چەکداری لە کوردستان باس لەوە کراوە، کە هەرچەندە حکومەتی عێراق دانی ناوە بەمافی گەلی کورد و حوکمی زاتی بۆ کوردەکان، بەڵام ڕەوشی ناوچەکە دوای ٦ی ئاداری ١٩٧٥، بە پێچەوانەی ئەمە بووە(خەبات، العدد(٥٣١)،٢٠/ ١٢/ ١٩٧٦، ص٩). بەڵگەی ئەمەش ســیاســەتی دابراندنی ناوچەکان لەلایەن حکومەتی عیراقی لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر[6]، بەشێوەیەکی جیاوازتر دەستی پێکردووە، بەتایبەت لە ناوچەی کەرکووک، چەمچەمال، کەلار، کفری، خانەقین، شــەنگاڵ، زمار و شــێخانیش لەم هەنگاوە بەدوور نەبوونە، ڕاگواستنی بەکۆمەل و بەزۆر کۆچپکردنیان بەردەوام بووە، هەرچەند ئەو ناوچانە پێشـووتر لەلایەن حکومەتی عیراق خۆییەوە دان بە کوردبوونیان نراوە(خەبات، (٥٢٨)، ٢٠ ئەیلوول ١٩٧٦، ل١) .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێت بەپشــت بەســتن بەو زانیارییانەی خراوەنەتە ڕوو لە بارەی ســیاســەتی بەعس بوترێت حکومەتی عێراق بەبیانووی جۆراو جۆر هەوڵی داوە ناوچە کوردنشــینەکان لەدانیشــتوانە ڕەسەنەکەی دابماڵێت بەپلەی یەک ناوچەکانی کەرکووک و ناوچە دووره دەستەکان.

لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی بەڵگەنامەیەک لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە، کوردەکان ناچار بەجێهێشــتن و فرۆشــتنی زەوییەکانیان کراون، بەئیمزای بەڕێوەبەری قەزای ئامێدی و بە ئەندامیەتی هەریەک لە بەڕێوەبەری پۆلیسی ناوچەکە بەرپرسی پارتی بەعسی عەرەبی و قائمقامی قەزاکە ، ســەرۆکی یەکێتی کۆمەڵەی جوتیاران و هەردوو بەرێوەبەری ناحیەی بەڕێوەبەری ناحیەی نێروەرێکان بە قەرەبووی (٦٥٠٠ )دینار (خەبات ، العدد(٥٣٧) ، ١٥تشــرين الثاني، ١٩٧٨،ص٨). ئەمەش هەنگاوێکی دیکە بووە بۆئەوەی جووتیارە کوردەکان زەوییەکانیان بەویســتی خۆیان یان بەبێ ویست بفرۆشن.

لە بارەی وێران کرنی دێهاتەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتێکدا باس لە دەربەدەرکردنی (٣٠٠٠٠) جووتیاری کورد کراوە، بە زۆر نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگاکان، کە بە (گوندی هاوچەرخ )ناسراون، بەم کردارەی ڕاگواســتنە زۆرەملێیە، یەک لەســەر دووی خاکی کوردســتان چۆڵ کراوە، لە ڕوانگەوە (خەباتی کوردســتان)، ســیاســەتەی حکومەت بە ســیاســەتی ڕەگەزپەرســتی خوارووی ئەفریقای ناوبردووە، بە هاوشــێوەی ســیاســەتی ئەو ناوچەیەی زانیوە، کە دەنووســیت دانیشــتوانی ناوچە کوردنشــینەکان لە ڕووی مافەکانیانەوە بەتایبەت لە کەرکووک، شــەنگاڵ، شــێخان، خانەقین، زومار، مەندەلی، لە زۆر لەمافەکانیان بێبەشکراون ، (خەباتی کوردستان، ژ(٣)، شوباتی ١٩٧٩،ل٤). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕەوش و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە لەرۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بووە، جووتیاران و ناوچە کوردنیشەکان زەرمەندی یەکەم بوونە لەم لایەنەوە.

### ٢-١ لەسێدارەدان و گرتنی بەکۆمەڵ:

سیاسـەتی حکومەت لەبەرانبەر نەتەوەی کورد کە پەیرەوی کراوە سیاسـەتی گرتنی بەکۆمەڵ و لەســێدارەدانی لاوەکان بووە، کەئەمە بووەتە جێگای نیگەرانی رۆژنامەگەریی کوردی بەتایبەت و دەزگاکا و ڕاگەیاندنەکانی جیهان بەگشــتی. هەر بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەولەتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە( ١٩٧٤-١٩٧٥) دا (٩١)کەس لە سـێدارەدراون لە نێوانیاندا دوو ئافرەت هەبووە، زۆرینەیان کورد بوونە ، لەسەر ئەم سیاسەتەش لە(٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥) ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەولەتی نامەیەک ئاڕاسـتەی ئەحمەد حەسـەن بەکر کردووە، داوای هەڵگرتنی حوکمی لە سـێدارەدان دەکات، بۆ (٣٩) قوتابی کورد لە زیندانی ئەبوغرێب. لە نامەیەکی دیکەدا لە (١٠شـوباتی١٩٧٦) بۆ وەزیری دەرەوەی عێراق (سـەعدون حمادی ) ناردراوە ، باس لە بوونی سـزای لە سـێدارەدانی (١٥٠) کورد کراوە، لە ڕۆژی مۆرکردنی ڕێککەتنەکەی حکومەتی عێراق و ئێران، لە نێوان ئەو کەسـانەی لە سـێدارەدراون ناوی زانراوە کەسایەتی (رئووف مستەفا غفور) بووە، هەرچەندە ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاپەراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بووە لە کەرکووک، بەڵام لەگەڵ (٣٤) کەسایەتی دیکە لە (مارسی ١٩٧٥) لەسێدارە دراوە، بەڵام بالوێزی عێراق لە بەریتانیا لە (١٩ی شـوباتی ١٩٧٦)، وەڵامی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەولەتی داوەتەوە، ڕایگەیاندوە کە ئەمە تەنیا بانگەشـەیەکی ناڕاستە لە دژی حکومەتی عێراق ، دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە حکومەتی عێراق بڕیاری لێبووردنی گشـتی بۆ هێزەچەکدارەکانی کورد لە باشـووری کوردسـتان دەرکردووە، ئەو بانگەشـانەی بە دوور لە ڕاسـتی لەقەڵەم داوە (خەبات،العدد(٥٣٥)، اواسط ايار ، ١٩٧٧،ص٥)

لەم بارەوە (الشـرارة)[7]، ئاماژە بەوە دەکات کە هەڵمەتی گرتنی و لە سـێدارەدان لەلایەن حکومەتەوە پەیرەوی کراوە ، لەوانە بوونی (٧٦) زینـدانی لە گرتووخـانەی کە ئەبوغرێـب کە لە نێوانیاندا ئەندامانی حزبی شـیوعی (لێژنەی مەرکەزی) پێشـتر هاوپەیمانی حیزبی بەعس بوونە، سـەربـاری لە سـێـدارەدانـی ژمـارەیەک لـ‌ـوانـی کـورد لە گـرتـووەخـانەکـان (الشـرارة،العدد(١)،السـنةالاولي،تشـرين الثاني ١٩٧٥،ل١؛ الشـراره ، العدد(١)،الدور الپانی ،تموز ١٩٧٩،ل٨).

١-٤گواستنەوە دوورخستنەوەی کرێکاران و فەرمانبەران .

پاشـگەزبوونەوەی حکومەت لەبانگەشـەکان و سـیاسـەتی دژبەکرێکاران بووەتە جێگاینی گەرانی ودلەڕاوکێی چینوتوێژەکان، ڕۆژنامەیی "برایەتی " لەوتارێك بەناوونیشـانی (سـیاسـەتی گۆرینی ڕووی نەتەوایەتی لە کەرکووك یەکێتی چینی جوتیاران ئەشـێوێنی) باس لەسـیاسـەتی کۆمپانیای نەوت دەکات، لە دوای دامەزراندنی سـیاسـەتێکی ناڕەوای بەکارهێناوە لەبارەی دامەزراندنی

کرێکارەکاندا، سەربارى ئەوەی بەهۆی سیاسەتی حکومەت ورووداوەکانی کوردستانەوە، ناچارکراون دەست لە کارەکانیان هەڵگرن، ڕەچاو نەکردنی بارودۆخی کرێکارەکان بوەتەهۆی نیگەرانی کرێکاران ولایەنی کوردی بەتایبەت دوای ئەوەی لە دەفتەری دەزگای کار (نووسینگەی کار) دەرکەوتووە دەیان کرێکاری کوردوتورکمان بێکار کراون، لەگەڵ ئەوەی بەشی زۆریان شارەزاییەکی باشیان لەکاری نەوتداهەبووە، ماوەیەکی زۆر لەوکۆمپانیایەکاریان کردووە، کەچی بە ڕەچاوکردنی هیچ شتێک لە شوێنی ئەوان (600) کرێکاری عەرەب لە دەرەوی پاریزگای کەرکووك دامەزراون کە زۆربەیان هەرلە بنەڕەتداهەرکرێکاریان نەکردووەبەشێکیان جووتیاربوونە (برایەتی، ژ(66) ، 31-8-1973،ل1).

لەلایەکی دیکەوەبەگوێرەی نووسراوی نووسینگەی تایبەت لە (٥ی شوباتی 1974) ئاماژەبەگواستنەوەی (119) کرێکار بۆدەرەوەی پارێزگای کەرکووك کراوە، ڕۆژنامەی "برایەتی " لەمباریەوە نیگەرانی دەردەبڕیت و دەنووسێت: (زۆر جێگای داخە ئەم هەنگاوە لەکاتێك دەندرێت کەگفتوگۆ لە نێوان پارتی وحزبی بەعس دەکرێت، بۆجێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنامەی 11ی ئادار) هەرچەندە ژمارەیەک لە کرێکارە گواستراوەنەتەوە، یەکێتی کرێکاران بوونەلەوانەش(شکورمەردان)جێگری سەرۆك یدەستەی بەڕێوەبردن سەندیکای نەوت وکانزابووە، (جیهاد ئیبراهیم) ئەندامی دەستەی بەرێوەبردنی سەندیگا، (ئەنوەرمیرزا) سکرتێری دەستەی بەڕێوەبردن،(نەجمەدینگلی)سکرتێری یەکێتی کرێکارانی لقی کەرکووك بووە. لە ساڵی ١٩٧٣ ژمارەی کرێکارانی دوورخراوە گەیشتووەتە (٥٠٠) کرێکار و خزمەتگوزار، لە ساڵی ١٩٧٤ (٥٦٤) کرێکاری دیکەش دەرکراون (برایەتی ،ژ(٢٦)، ١٩٧٤/١١/٧،ل١؛ التجهجیرسلاح بید النظام العراقی،ص ٧). ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندی کورد و حکومەت دروست کردووە بووەتە جێگای نیگەرانی زیاتری لایەنی کوردی، سەرەتایی هەنگاوی ئامادەسازی بۆ بارودۆخی لەناکاو بەڵگەی ئەمەش ڕۆژنامەی (النور)، لەم بارەوە باسی لەوە کردوو کە بارزانی لە دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (هیرالد تریبون)ی ئەمریکی بۆ جیم هۆغلاند، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی بارزانی لە بارەی خۆماڵیکردنی نەوت، باسی ئەوەی کردووە کە ئەوان لەگەڵ خۆماڵیکردنی نەوتی کەرکووک نەبوونە، بەشێوەیەکی لە ناکاو ڕوویداوە، حکومەت دوای خۆماڵیکردن ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ڕۆژئاوا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسەتی پشتگوێ خستنی گرتەبەر. ئەمەش بەمانای ئاڵۆزی رەوشی ناوچە کە هاتووە( النور ، (٤٣٨)، ئایاری ١٩٧٣، ص١). هەرچەندە مەسەلەیە داواکاری بارزانی بۆ پاڵپشتی ئەمریکا لە گۆشە نیگای رۆژنامەگەرییەوە باسی لێوەی نەکراوە، تەنیا تیشکخراوەتەوە سەر ئاڵۆزی ڕەوشی ناوچەکە و کاریگەرییەکانی.

## ٢- سیاسەتی حکومەت بەرامبەر کوردە فەیلییەکان.

کوردە فەیلییەکان یەکێکن لە نەتەوەی کورد، حکومەتی عێراق لەسە رەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەستی کردووە بە ڕاگواستنی، بە م کردارەش زیاتر لە (٦٠.٠٠٠) کوردی فەیلی بۆ ئێران ڕاگواستراوە(التهجیرسلاح بید النظام العراقی، ص3)، حکومەتی عێراق هەربەمە نەوەستاوە بەڵکو لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر، جارێکی دیکە دەستی کردووە بە گرتنی ژمارەیەک لە کوردە فەیلیەکان و ڕاگواستنیان(حبیب ، ٢٠٠٥. ص ٣٢٦).

رۆژنامەی (التاخی) لەوتارەێک بەناوی "عودالی مشکلەالاکرادالفیلین" هەوڵیداوە بۆ خستنەڕووو وەرگرتنی هەڵوێست لە بەرانبەرئەوسیاسەتەی حکومەتی عێراق، بە تایبەت کێشەی کوردانی فەیلی، گۆران وئەوانی دیکە، هەر لە دوای شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958 هەوڵدراوەکێشەی ئەونەتەوانەیەکلایی بکرێتەوە، بەڵام حکومەت هەمیشەپاساوی هێناوەتەوەبۆدواخستن وپێنەدانی ڕەگەزنامەپێیان، هەرچەندە لە دوای 11ی ئاداری ١٩٧٠ هەوڵدراوەئەوکێشەیەبەشێوەی ئاشتیخوازانەچارەسەربکرێت، بەڵام جارێکی دیکە پەراوێز خراون هەر بۆیە بۆیەکوردانی فەیلی لەڕێگای یاداشت وبروسکە داوای مافە سەرەتاییەکانیان کردووە( التاخی، العدد(635) ،کانون الثانی 1971، ص1).

لە ئەنجامی بێبەشکردنی کوردەفەیلییەکان لەڕەگەزنامەی عێراقی، (التاخی) هەڵوێستی خۆی دەڕدەبرێت ودەنووسێت: نەبوونی یاسایەك و مانەوەی تاك بەبێ ڕەگەزنامە حالەتێکی ناکۆکە لەگەڵ یاسای کۆمەڵایەتی وسیاسی ( العدد(٤٧٠)، 1970/٦/24، ص4). ئەمەش دوای ئەوە بووە ، کە چەندکەسایەتێک لەکوردەفەیلییەکان سکاڵانامەیان لە دژی سیاسەتی حکومەت وپێشێلکردنی مافەکۆمەڵایەتییەکانیان دەربڕیووە، بە هۆی ئەوەی پێشووتر لە( 22ی تشرینی دووەمی 1969)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(١)بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داواکارییەکیان بە ژمارە( 572) بەناوی (1500 ) خێزانی کورد لە ئاستەجیاوازەکان ڕۆشنبیران وکرێکار وجووتیاروکاسبکاران پێشکەش کردووە، تێدا داوای پێدانی ڕەگەزنامەیان کردووە، بەڵام حکومەتی عێراق وەڵامیداواکارییەکانی نەداونەتەوە (التاخی،(505)، 6ئاب 1970،ص1).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کوردانی فەیلی بەهۆی سیاسەتە یەک لەدوا یەکەکانی حکومەتی عێراق لەڕەوش بارودۆخیکی ناهەموار دابوونە، حکومەت بە شێواز و بیانۆی جۆراوجۆر کەوتووەتە بێبەشکردنی فەیلیەکان لەمافەکانیان و بەزۆر ڕاگواستیان، ئەمە لایەنەش سەرنجی رۆژنامەگەریی کوردی نهێنی ڕاکێشاوە، ڕەخنەی لە سیاسەتی حکومەت گرتووە هەوڵداوە ئەو کێشەیە لەڕێگای رای گشتی چارەسەربکات.

## ٣- سیاسەتی حکومەت لە بواری پەروەردە و فێرکردن:

سەرباری بانگەشەکانی حکومەت بۆ بەرەو دان بەکەرتی پەروەرد و فێرکردن و ڕاگەیاندنی هەڵمەتی خوێندنی زۆرەملێ و نەهیشتنی نەخوێندەواری و کردنەوەی بنکەی قەلاچۆکردنی نەخویندەواری لە پارێزگاکانی کوردستان، بەڵام گواستنەوەی مامۆستایان بۆناوچەکانی خوارووو ناوەڕاستی عێراق بەتایبەت لەناوچەی ئۆتۆنۆمی، هەنگاوێکی دیکەبووە، لە سیاسەتی حکومەت.

هەر لەم بارەیەوە لە ڕێرەوەی برایی[8]، لە بارەی سیاسەتی حکومەت و دوورخستنەوەی مووچە خۆرانی کورد، ئاماژە بەوە دەکات دوای تێپەربوونی دووساڵ بەسەربەیانی(29ی حوزەیران١٩٦٦)، کەچی هێشتا زۆربەی کوردە دوورخراوەکان هەر لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە، سەرباری بەردەوامی حکومەت لە سیاسەتی گواستنەوەی مووچەخۆرانی کورد بۆ ناوچە عەرەب نشینەکان بەبیانۆی جیاجیا(برایی، (٤٢٧)، ساڵی٢، 1968/11/9، ل6).

مەسەلەی گواستنەوە مامۆستایان لایەنێکی دیکە بووە ، کە کاریگەریی لەسەر ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن دروست کردووە، هەرچەندە زۆر کات بریاری گواستنەوەی مامۆستایان لەلایەن حکومەتەوە لە رۆژنامەگەریی ئاشکرادا بەتایبەت ئەوانەی سەر بەدام دەزگاکانی حکومەت بوونە، وەك پەرەپێدانی پەروەردە وفێرکردن ناوبراوە، لەنموونەی ئەمانە وەزارەتی ناوەخۆ کاتێک بڕیاری گواستنەوەی(1950)مامۆستا لە نێوپارێزگاکانی وڵاتداوە، لەوانەش لەناوچەی ئۆتۆنۆمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(١)بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڕیاری گواستنەوەی(127)مامۆستای ئافرەت دراوەبۆ پارێزگاکانی دیکە. ئەم دووچاری ڕەخنەیەکی زۆر بووەتەوە، بەشێک لە رۆشنبیران پیان وابووە کە ئەمە بەشێکە لە سیاسەتی حکومەت لەبەرامبەر بەمامۆستاو بواری فیرکردن بەڵدم لەم برِیارە حکومەت ئاماژەی بەوە داوە لە دامەزراندنی مامۆستایان و ڕەچاوی پێویستی ناوچەکان و خاڵ و باری کۆمەلایەتی کراوە (هاوکاری، ژ(٣٣٢)، 1976/8/25،ل6).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مەسەلەی دامەزراندن و گواستنەوەی مامۆستایان زیاتر وابەستەی بڕیارەکانی حکومەت کردووە، ڕەچاوی رەوش و شێوازی ناوچەکانی نەکراوە.

ئەم برِیارە قوتابیانیش لێ بەدەرنەبوونە، هەر زوو دەستکراوە بە زیادکردنی ژمارەی قوتابیانی عەرەب وبیانی لەزانکۆکاندا ، ئەمەش دوای بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵاهاتووە، کە (247) قوتابی عەرەب و بێگانە بخرێنە سەرئەندامیەتی پارتی بەعسی عەرەبی بۆ ساڵی خوێندنی(1977-1978) ئەمەش بەمانای بە هێزکردنی پارتی بەعس بووە لە ناوقوتابیان. (هاوکاری، ژ(٤٠٥)١٩٧٧/١٢/٢٦، ل4)، بەپێچەوانەی ئەمە قوتابی کورد بۆ دەرەوە لە (٣%)زیاتر نەبووە، هەروەها لە وەرگرتنی قوتابی کوردیش لە کۆلێژەکانی سەربازی لە ئاستیکی زۆر نزم دابووە، لە کۆی (٣٣) قوتابی تەنیا (٨)قوتابی وەرگیراوە (لكي يصان السلام .، أذار ١٩٧٣ ، ص٢٠٨). هەموو ئەمانە هەنگاوێک بوونە کە بواری پەروەردە و فێرکردن لەو نێوەندە (قوتاییان و مامۆستایانی) ناوچەکە لەسایەی رەوشی ناوچەکەوە بەر سیاسەتی بە عەرەبکردن بکەون، هەرچەندە ئەم سیاسەتە لە بواری پەروەردە بەبێ ڕەوش و بارودۆخ ناوچەکە جیاواز بووە لە هەموو ناوچەکان وەک یەک پەیرەوی نەکراوە.

## 4. ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە چەند خالێک .

1- سیاسەتی حکومەتی عێراق (١٩٦٨-١٩٧٩) بەشێوەیەکی جیاجیا لە چەندین بواردا ئەنجامدراوە، حکومەت سەرباری بانگەشەکانی بۆ ئاشتەوایی و دەستەبەرکردنی ئاشتی بۆ ناوچەکە لەماوەی جیاجیا هەوڵی سەپاندنی سیاسەتی بەعەرەب کردن و ڕاگواستنی داوە، ئەم لایەنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(١)بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر ناوەرۆکی رۆژنامەگەریی کوردی هەبوو، هەرئەمەش وایکردووە لەزۆربەی ژمارەکان لاپەڕەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت .

2- حکومەتی عیراق لە بوردومان کردنی ناوچەکان حکومەت جیاوازی لە نێوان پێکهاتەی نەتەوەیی نەکردووە، بەشی هەرە زۆری ناوچە دوورەکان بەر سیاسەتی حکومەت کەوتوون، بەتایبەت ناوچە کوردنشینەکانی کەرکووک و شەنگال بەپلەی یەک هاتوون لەم لایەنەوە.

3- دەتوانین بڵێن تێروانین و گۆشە نیگای رۆژنامەگەریی کوردی بۆ سیاسەتی حکومەت و شێوازی باسەکان بەتەواوەتی کەوتووەتە ژێرکاریگەریی بیر و ئایدۆلۆژیای ئەو لایەنەی رۆژنامەکانیان دەرکردووە، بۆیە لە باسکردنی ڕووداوەکان تاڕادەیەک دەمارگیری پێوەدیارە تەواو بێ لایەنی باس نەکراوە

4- رۆژنامەگەریی نهێنی هۆکارێک بووە بۆ ناساندنی ڕێکخراو رۆژنامەگەرییە جیهانیەکان بۆ خوێنەران لە ڕێگای خستە ڕووی یاداشت و بەڵگەنامەو داتاکانیان، ئامانج لەمە نیشاندانی سیاسەتی حکومەت و هەوڵدان بۆ چارەسەری دۆزی کورد بووە.

## ژێردەرەکان:

1- دەنگی پێشمەرگە : بەشێوەی گۆڤارلەلایەن لیژنەی شۆڕشی کوردستان دەرکراوە، یەکەمین ژمارەی بەرلەکانوونی یەکەمی 1963 دەرچووە،لەخوولی یەکەم (12)ژمارەی لێدەرچووە، بە سەرپەرشتی حلیمی عەلی شەریف وفەریدوون عەلی ئەمین (1934-1991)، هەرچی خولی دووەمی گۆڤارەکەیەلەژمارە (13-24) دەگرێتەوە، هەروەك لەسەرگۆڤارەکەنووسراوە(لیژنەی ئاراستەو پرۆپاگەندەی شۆڕشی کوردستان دەری ئەکا)، لە ساڵی١٩٧٤ ژمارە (٢٤-٢٧) لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن لە ئەمانەتی ڕاگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان بە( ٤٧) لاپەڕە دەرکراوە (ساڵح،٢٠٠٧،ل ٨٨؛ دەنگی پێشمەرگە، (گۆڤار)،ژ(٢٧) حوزیران ١٩٧٤).

2- رۆژنامەیەکی سیاسی حیزبی شیوعی عیراقی –لقی کوردستان بووە، یەکەمین ژمارەی بەنهێنی لە 1962 دەرچووە، تاساڵی 1973 بەردەوام بووە، دوای لێکترازانی حیزبی شیوعی عێراق لە ساڵی

1967 ، دوو رۆژنامەی رێگای کوردستان دەرکراوە، یەکێکیان لەلایەن باڵی لێژنەی مەرکەزی ئەوەی دیکەیان باڵی سەرکردایەتی مەرکەزی (ئەحمەد ،٢٠٠١،ل١٥).

3- دەنگوباسی کوردستان(اخبارالکردستان): بڵاوکراوەیەکی خوولی بووە، بەشی پەخش و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی(پ.د.ک) دەریکردووە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی یەکەمین ژمارەی لە تەمووزی ١٩٦٩ دەرچووە. (دەنگوباسی کوردستان،ژ(١)،تەمموزی ١٩٦٩).

4- رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەبووە، لەساڵی ١٩٥٨دەرچووە، سەرنووسەرەکەی یونس تائی بووە(سالح ،٢٠٠٧،ل٢٦).

5- گۆڤارێکی تیۆری ناوبەناوبووە، مەکتەبی سیاسی(پ.د.ک)دەریکردووە، یەکەمین ژمارەی لەتەمووزی 1968 بە زمانی عەرەبی دەرچووە، تاوەکو شکستی شۆڕش لەئازای 1975 (25) ژمارەی لێدەرچووە، بابەتەکانی زیاتر وتار بووە، سەبارەت بە ڕێکخستنەکان وبارودۆخی شۆڕشی ئەیلوول بەڵگەنامەی سیاسی و مێژوویی دەربارەی کێشەی کورد (الکادر "مجله"، العدد(1)، تموز 1968 ؛ وریا جاف، ١٩٩٦، ل٣٩)

6- ئەو ڕێککەوتنەی لە ٦ی
ئاداری ١٩٧٥کە شای ئێران بەبێ پێشەکی یان وتووێژو ڕاوێژ لەگەڵ بەر پرسانی ناوخۆی وڵاتەکەی بەنهێنی لە ڕێگای بومەدینی سەرۆک کۆماری جەزائیر، کە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ شای ئێران هەبووە بەستراوە. (پزمان،١٩٩٧،ل١٠٦)

7- ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە بەزمانی عەرەبی، یەکەمین رۆژنامەی حیزبیە لە دوای شکستی شۆڕش چاپ و بڵاوکرابێتەوە، ژمارەیەکی لەتشرینی دووەمی 1975 دەرچووە، لە نێوان ساڵانی (1975-1979) دوو ژمارەی لێدەرکراوە، لە ساڵانی دواتر بەردەوام بووە (ئەحمەد،٢٠٠١،ل٣٦).

8- برایی- برایەتی: رۆژنامەیەکی سیاسی بووە، ژمارەی یەکەمی رۆژنامەکە دوای شەش رۆژ لە دەرچوونی رۆژنامی (التاخی) لە 6ی مایس 1967 دەرچووە، خاوەن ئیمتازی ساڵحی یوسفی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(١)بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە، دەستەی نووسەرانی شەوکەت عەقراوی، نەجیب بابان، محەمەد سەعید جاف و عەبدوڵلا سەعید بووە، بە قەبارەی نیو لاپەڕە دەرچووە( **سورمێ ، ٢٠٢١، ل١٤** .خەزنەدار، ٢٠٢٨،ل٦١).

## سەرچاوەکان :

- **بڵاوکراوەی حیزبی:**

1- لتهجير سلاح بيدالنظام العراقى لمحاربه الثوره الكرديه من منشورات الحزب الديموقراطى الكردستان – العراق المكتب السياسى – قسم التنظيم.

2- - لكي يصان السلام وتتعزز الوحدةالوطنية، ط ١، منشورات الثورة- بغداد، أذار ١٩٧٣.

- كتیب بەزمانی کوردی:

3- سالح، ئازاد عوبێد(2007) کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر رۆژنامەوانیی کوردی 1961-1975 .چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر

4- سورمێ، نەژاد عەزیز(٢٠٢١)، برایەتی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانە لەمێژووی رۆژنامەگەریی کوردی دا لێکۆڵینەوەو بیلۆگرافیا چ٣.

5- جاف، وریا(١٩٩٦):مێژووی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان 1946-1996، چ1،لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی رۆشنبیری وراگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

6- رسول، فاتح (٢٠٠١)، بنچینەی میژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا ،چ١، سوید.

7- پژمان، عیسی(١٩٩٧) ، نهێنیەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزائیر لە ئارشیفی تەواونهێنی ساواک ، و:ناسر ئیبراهیمی ،چ ١،سوید .

8- خەزنەدار، جەمال (2018)، ئینسکلۆپیدیای رۆژنامەگەریی کوردی، پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی 1898 -2015، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

9- ئەحمەد، نەوزاد عەلی (2001)، رابەریرۆژنامەگەریی نهێنی کوردی 1961-1991 ،چ 1، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- بەزمانی عەرەبی :

10- حبيب، كاظم(٢٠٠٥)، لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردي فی الكردستان العراق ، اربيل.

11- السمير، عمار علي(٢٠١٢)، شمال العراق 1958-1975 دراسة سياسة، ط١، بيروت.

**رۆژنامەو گۆڤارەکان :**

بەزمانی کوردی

12- هاوکاری :

گواستنەوەی ١٥٩٠ مامۆستا لەنێوان پارێزگاکانی ولات دا ، ژ(٣٣٢)، 1976/8/25.

زیادکردنی ژمارەی قوتابیانی عەرەب و بیانی لەزانکۆکانی ولاتدا ژ(٤٠٥)٢٦/1977/12.

- ژمارە (٤٨٥)، ٣٠تەمووزی ١٩٧٩.

13- برایەتی:

کاربەدەستانی میری لە کوردستانا ئەبێ کوردبن (٤٢٧)، ساڵی٢، 1968/11/9

راستی رووداوەکانی شەنگال ، ژ(66) ، 1973/8/31.

گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی کورد لەکۆمپانیای نەوتی کەرکوک، ژ(26) ، 1974/11/7.

14- دەنگی پێشمەرگە :

- لەبەعس بەدوور نیە ، دەنگی پێشمەرگە ، ژ(١٧) ، کانوونی دووەم ١٩٦٩ .

- شۆرشی کوردستان لەپێشکەوتن دایە ،ژ(٢٠)حوزێرانی ١٩٦٩.

- بانگەوازی حیزبی شیوعی عیراقی لێژنەی ئیقلیمی کوردستان، ژ(23)ئەیلوولی 1969؛ ژ(٢٧) حوزیران ١٩٧٤.

15- رێگای کوردستان : لەبیرەوەری حەوت ساڵەی دەست پی کردنی تێکۆشانی چەکداری لە کوردستان ، رێگای کوردستان، ژ(٤)سەرەتای تشرینی یەکەم ،١٩٦٨.

16- رۆژنامەڤانی(گۆڤار)،هەولێر، ژ(11-12) ،2003.

17- دەنگوباسی کوردستان:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژ(١)،تەمموزی ١٩٦٩.

-وردە دەنگوباسی ناوەخۆ ، ژ(١٣)ناوەڕاستی نیسان ، ١٩٧٣.

- هەواڵەکان ، ژ(١٤)، مایسی ١٩٧٣.

- وردە هەواڵەکانی دەست درێژی و یاساشکێن ، ژ(١٥)، حوزەیرانی ١٩٧٣.

18- ئەرکەکانی ئەمرۆی سەرشانمان، خەباتی کوردستان ، ژ(٣)شوباتی ١٩٧٩.

**ڕۆژنامەوگۆڤارەکان بەزمان عەرەبی:**

19- التاخی:

- عود الی مشکله الاکراد الفیلینین، العدد(6٣5) ،١٠کانون الثانی 1971 .
- هل استعصت مشکلة الاکراد الفیلین علي الحل، العدد(٤٧٠)، 1970/٦/24 .
- مشکلة جنسیة الاکراد الفیلیین، العدد(505)، 6ئاب 1970.

20- خەبات :

- مذبحتا داکا و صوریا ، خەبات،العدد(٥١٤)، تشرین الاولی ١٩٦٩
- مذبحتا داکا ، العدد (٥١٥)، تشرین الثانی ١٩٦٩.
- العدد(٥١٩) ، اوسط حزیران،1974 .
- الطغمة التكریتیة مستمرة في نهجها الشوفیني حیال شعبینا الكردي ، (٥٢٨)، ٢٠ ئەیلوول ١٩٧٦-
- القضیة الكردیة قي الحافل الدولیة والصحافة العالمیة ، العدد(٥٣١)،٢٠/ ١٢/ ١٩٧٦.
- التقریر السنوي المنظمة العفو الدولیة حول جرائم السلطة تكریتیه ، العدد(٥٣٥)، اواسط ایار ، ١٩٧٧.
- هكذا ینهب الفاشیون أرض كردستان وخیراتها ، (٥٣٧) ، ١٥تشرین الثاني ،١٩٧٨.

21- النور: (٤٣٨)، ایار ١٩٧٣.

22- الشراره:

- حمله اعدام مستمره فی العراق، الشراره، العدد(١)، السنه الاولی، تشرین الثانی ١٩٧٥
- حملات ارهاب و القمع والاعدامات لن تثني شعبنا عن مواصلة النضال الثوري، العدد(١)،الدور الثاني ،تموز ١٩٧٩،ل٨).

23- الكادر "مجله"،العدد(1)، تمووز 1968؛ کادر، ژ(٢٣)، ئابی ١٩٧٤.

- وتار و لێکۆلینەوەکان :
24- ئەمین،ئەحمەدمحەمەد (٢٠٢٠)، بایەخی نووسینەوەی مێژوویك وردلەرۆژنامەی هاوكاریدا (1970-1974)،گۆڤاری زانکۆ بۆزانستەمرۆڤایەتییەکان،بەرگی 24، ژ5.

**ووشە سەرەکییەکان:** سیاسەت ، نەتەوایەتی ، ڕاگواستن ، رۆژنامەگەریی.

# The Reflection of Government Policy on Kurdish Journalism in Iraq (1969-1979)

**Arazu Yousf Hassan**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Arazu.hasn@su.edu.krd

**Azad Ubed Salih**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Azad.sailh3@su.edu.krd

***Keywords***: *policy, Nationalism, Displacement, Kurdish Press.*

**Abstract**

This study deals with the history of the Kurdish press in Iraq during the years 1968-1979. The main purpose of it is to present the information, numbers, opinions and comments published by the Kurdish press regarding the policies of Arabization, displacement, executions and genocide pursued by the Baath Party government in Iraq towards the Kurds. The study also deals with the Kurdish underground press as

an important source for studying the history of the Kurdish liberation movement in general and the position of the Iraqi government towards it. As well as highlighting the follow-up of the Kurdish secret press to what was published in the foreign press, and the memorandum of the United Nations and the Human Rights Organization on the policy of the Iraqi government towards the Kurdish people, and these follow-ups were published in a special corner in the Kurdish secret newspapers.

## انعكاسة سياسة الحكومة في الصحافةالكوردية في العراق خلال السنوات ( ١٩٦٨ - ١٩٧٩)

**ملخص:**

ان هذا البحث الموسوم (سياسة الحكومة وانعكاساتهافي الصحافة الكوردية خلال السنوات ١٩٦٨ - ١٩٧٩) هو دراسة تاريخية الغرض منها متابعة مانشرتهالصحافةا لكوردية من معلومات وتحليلات بخصوص سياسة حكومة البعث في العراق تجاها لمناطقا لكوردية، وكذلك الإشارة اليدور الصحافة السرية الكوردية بوصفها مصدرا قيماومهما عن الحركة التحررية الكوردية عموما،وسياسة الحكومة العراقية تجاها لكورد بشكل خاص.

يتألف هذا البحث من ثلاثة محاور، خصصالاولمنهالت سليط الضوءعلي سياسة حكومة البعثت جاهالمناطق الكوردية، ولاسيما سياسة الترحيلأ والتهجير والإعدام اتوالاعتقالات الجماعية وقصف هذها لمناطق. أماالمبحث الثاني فقد تابع موضوع سياسة الحكومة العراقية تجاها لكوردا لفيليين، بينماكُرسا لمحور الأخيرلتوضيح اثار سياسات حكومة البعث علي قطاع التربية التعليم في تلك السنوات.

**الكلمات الدالّة**: لصحافة الكوردية،سياسة البعث،التهجير،الحركة ، التحررية الكوردية.